www.kurdistannet.org
04/06/2003 02:14

التحاد العام اللاجئين العراقيين
THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

# هەرشەی دیپورت کردنەوە لە پەنابەرانی عیراقی، پیچەوانەی بریانامەی جنیف و
# هەر بنەماو پرانسیپیکی ئینسانی یەو دەبیت راگیریت !

هەفتەی ڕابردو وەزیری ناخۆی حکومەتی بەریتانیا، فەرەنسا، ئەلمانیا داوایان لە کۆمسیونی بالای نەتەوە یەکگرتووەکان کرد گە لە زووترین کاتی گونجاودا سەدان هەزار پەنابەری عیراقی بگەڕێنەوە بۆ عیراق، لەبەرامەبەر ریژەیەکی دیاری کراو پشتیوانەی ئابوریدا. وەزیری خارجی بەریتانیا دیڤید بلانکیت رایگەیاند کە ئەگەر بێت بە شێوەیەکی خۆویستانە لە مانگی حوزیراندا پەنابەران نەگەڕێنریتەوە ئەوا ئێمە ناچار بە ئیجرائاتی ڕاستەخۆ دەبین بۆ دیپورت کردنەوەی پەنابەران بۆ عیراق. هەڕەشەی حکومەتی بەریتانیاو زۆرێکی تر لەولاتانی ئەوروپا دروست لەکاتێکدایە کە تەنانەت هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا نەك هەر گومانێکیان لە نائەمن بونی عیراق وهێشتنەوەی هێزەکانی خۆیان نیە بەڵکو ڕاشکاوانە هاوکات فەرماندەی لەشکری ئەمریکا لەهەمان هەفتەدا ڕایگەیاند کە(( شەڕ بەردەوامە ))و هێزەکانی ئەمریکا بەردوام دەبن لەدرێژەپێدانی عەمەلیاتەکانی خۆیان بۆ کۆتایٛهێنانی پاشکۆی بەعس و ئەو لایەنانەی کە ڕێگری دەکەن لەبەردەم چوونە پێشەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکا.

دوابەدوای ڕۆخانی رژیمی بەعس، عیراق لە هەموو بوارە سیاسی و ئابوری و کومەلایەتیەکاندا بە تووندترین شێوە ڕەنج دەبات لە نەبوونی ئەمنیەت وئاسایش، لەمرۆدا هەلومەرجیك هاتووەتە پیش کە ئەنارشی وفەوزای سیاسی، ڕاوڕووت، شەڕوکوشتاری ناوخۆی لایەنە دینی و قەومی یەکان هیچ بواریکی بۆ ئەمنی یەت و ئاسایش نەهیلاوەتەوە، لە ماوەی چەند هەفتە کۆتای هینان بەدەستەلاتداریەتی حکومەتی بەعس تائیستە دەیان کەس لە هیزەکانی ئەمریکا کۆژراو برینداركراون، هاوکات دەبینین کەچۆن رۆژانە لەخۆپیشاندانەکانی دژ بەئەمریکادا بەهەمان شیوە هاولاتیانی عیراقی بەر دەستریژ دەدرین و دەکوژرین . لەلایەکی تریشەوە بەهۆی شەری قەومی کوردو عەرەبەوە  بە بەرچاوی هیزەکانی ئەمریکاوە رۆژانە چەندین کەس لە ئە نجامی شەری نیوخۆیدا دەکوژرین. مەترسی دەخالەت و پشتیوانەکردنیجمهوری ئیسلامی ئیران لەلایەنە ئیسلامیەکان و لە قەمەکیشەکانی کۆروکۆمەلە ئیسلامیەکان  راستیەکی تالە کە خەلکی عیراقی رووبەرووی گەوەرترین مەترسی کردوەتەوە. ئەمرۆ دەبینین کە چۆن رفاندنی ژنان و بێ سەروشوین کردنیان و هەڕەشەو فتوای لایەنە ئیسلامی یەکان لەو کەس و خیزانانەی کە سەتەلایت و ڤیدیویان یاهەر هۆکاریکی شارستانی سەردەم بەکاردینین بووتە مایەی نیگەرانیەکی گەورەی خەلکی عیراق. لە پال هەموو ئەمانە دەبینین کە چۆن بۆردمان کردنی ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عیراق لەلایەن هیزەکانی حکومەتی تورکیاوە بە بەهانەی بوونی هیزەکانی( پ کك )وە بووەتە مایەی نائەمن کردنی ژیان وگوزرانی خەلکی ناوچەکە.

عیراقی کاولکراوی پاش شەڕو داروخانی بنەمای ئابوری وولات، عیراقی بێ ئاوکارەبا و پیداویستەکانی تەندروستی و ژیانی رۆژانە،عیراقێ کە ئاسەواریك لەکارو بیمەی بیکاری وهیچ جۆرە خزمەتگوزاریەك نی یە،عیراقیك کەشەوڕۆژ هیزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا پە نجەیان لەسەر ماشەی تەنفەنگە لەسایەی وەها بارودۆخیکدا ئیتر ناتوانریت هیچ جۆرە ادعایەك لەبارەی بوونی ئاسایش لەم کۆمەلگایەدا  بەجدی وەربگیریت.

رۆشنە لەنیوان ڕوخاندنی حکومەتی دیکتاتۆری سدام حسین تا گەشتن بە ئازادی و ئاسایش بۆ خەلکی عیراق  فاسیلەیەکی گەورە هەیە ئەوەی کە تەنها زامنی پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییەو دەستەبەر کردنی ئاسایش و ئازادی خەلکی عیراق و رزگار بوونیان لەم وەزعیتەی ئەمرۆ، ئەوەیە کە هەرچی زووتر هیزەکانی ئەمریکا بچنە دەرەوەو ریکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ماوەیەکی

دیاریکراو ئیدارەی عیراق بکەن، تا لە فەزایەکی ئازادنەو بەدوور لەفشاری هیچ حزب ولایەن و دەستەو تاقمیك زەمەینەی هەلبژاردن و دامەزراندنی حکومەتیکی مەدەنی پیکبهینریت، لەریگەی دەخالەتی راستەخۆی خەلکی عیراقەوە. ئەمە نەك تەنها ریگایە بۆ چارەسەرکردنی ئازادانەی چارەنووسی زیاتر لە چوار ملیون پەنابەری عیراقی لە ئیستەدا وە کۆتاییهینان بە شەپۆلی هاتەنە دەرەوەی خەلکی عیراق. بەلکو تەنها ریگەو ئومیدیکی واقیعیشە بۆ بنیادنانەوەی سەرلەنوی عیراقیك کە هاوولاتیان لەبەرامبەر دەستەبەرکردنی مافەکانیاندا پیشوازی لە هەر ئەرك و فەرمانیمیش بکەن !

بۆیە ئیمە وەك فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی سەرباری بە توندی مەحکوم کردنی هەر جۆرە بریاریك لە پەیوند بە دیپورت کردنەوەی پەنابەرانی عیراقی،حکومەتی بەریتانیا بە لیپسراوی راستەخۆیە دەزانین لە بەرامبەر بە بارودۆخیکدا کە لە عیراقدا پیکیهناوە .

هەر لەم پەیوەندەدا داوا لە هەموو حیزب و ریکخراوە پیشەی و ئینسان و نقابە کریکاریەکان دەکەین کە نارەزای خۆیان دژ بە بریاری دیپورت کردنەوەی پەنابەرانی عیراقی دەربرن و پی لەسەر بەرسمیەت ناسینی مافی پەنابەری هەموو پەنابەرانی عتیراقی داگرن، هاوپشیتیتان وەزیفەیەکی ئینسانی یەو چارنووسی سەدان هەزار پەنابەری عیراقی بە هەلویست و دەنگ هەلبرینی ئیوەوە بەندە !

سکرتاریەتی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

٢ / ٦ / ٢٠٠٣

---

Address: PL 3
fediraq@welho.com
00391 Helsinki - Finland Fax : 00 358 9 2419493

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت